## چوارەم: ئاسایشی نەتەوەیی و چەمکە پەیوەندیدارەکان

### ١- بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی

چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی بە چەمکی بەرژەوەندی نەتەوەیی گرێدراوە تا ئەو ڕادەیەیە کە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی دەکەوێتە خواروو‌تر لە چەمکی بەرژەوەندی نەتەوەیی. بەم پێیە ئاسایشی نەتەوەیی بریتییە لە بەشێك لە بەرژەوەندی نەتەوەیی کە ئەوەش بریتییە لە کۆمەڵە هەلومەرج و بارودۆخ و تواناییەك کە دەستەبەرکردنی پێداویستییە بنچینەیی و بنەڕەتییەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتووری گەرەنتی بکات. ئەم هەلومەرجەش لە ژێر کاریگەریی بارودۆخی جیۆپۆلێتیك و پێکهاتەی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتووری و مێژوویيدایە، بەتایبەت پێگەی ئەو دەوڵەتە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی(باوند، ١٩٩٠: ٥).

بۆ بەرچاوڕوونییەکی زیاتر دەبینین کەوا بەرژەوەندییەکان بە شێوەیەکی گشتی بەسەر سێ چەشن پۆلین دەکرێن(افتخاری، ٢٠٠٣: ٣٦٨):

١- بەرژەوەندییە ژیانییەکان: بەرگری لە دەوڵەت لەهەمبەرهەڕەشەی دەرەکی کە ئامرازی لەشکری بەکاردێت.

٢- بەرژەوەندییە گرنگەکان: کە گەشەپێدانی ئابووری و..هتد، دەگرێتەوە.

٣- بەرژەوەندییە مرۆییەکان: کە پەرەپێدانی بەها و نۆرمەکان دەگرێتەوە.

چەمکی بەرژەوەندی نەتەوەیی هەم لە ئاستی شیکردنەوە و هەم لە بواری ڕەفتاری سیاسی بەکاردێت. لە ئاستی شیکردنەوەدا، ئەم چەمکە ئامرازێکە بۆ ڕوونکردنەوە، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن یاخود بەراوردی بەرژەوەندییەکان و سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکییەکانی نەتەوەیەك. هەروەها لە بواری ڕەفتاری سیاسیدا، دەبینین چەمکی بەرژەوەندی نەتەوەیی ئامرازێکە لە خزمەت پاساو هێنانەوە یاخود پێشنیازی سیاسەتەکان، یاخود خوێندنەوەی ئایندەی سیاسەت و ڕەفتاری سیاسی دەوڵەت. لە هەردوو

ئاستەوە، ئەم چەمکە ئاماژە بە بەرژەوەندییەك دەكات كە بۆ كۆمەڵگەیەكی نەتەوەیی باڵاترین و باشترینە(Rosenau, 1972: 34). هەروەها "دیڤید سینگر"(David J. Singer) پێیوایە كە بەرژەوەندی نەتەوەیی ڕوانگەیەكی ناڕوونە كە ئێمە جیهان لەو ڕوانگەیەوە دەبینین و دوژمنانمانی پێ دەناسێنین، تەنانەت هاوڵاتیان ناچار دەكەین شوێنكەوتوومان بن و كردەوەكانیان لەم ڕێگەیەوە بە ئەخلاقی بزانن(كلینتون، ١٩٩٩: ٢٠).

پەیوەندی نێوان ئاسایش و بەرژەوەندی نەتەوەیی ئەوەیە كە لە بواری ناوخۆییدا بەرژەوەندی نەتەوەیی بریتییە لە بوونی ئارامی سیستەم و ڕێكخستن و دڵنیایی و دەستەبەركردنی پێداویستییە گشتییەكانی هاوڵاتیان، لە بواری دەرەكیشدا بریتییە لە هەبوونی پێگەیەكی شایستە و شیاو بۆ دەوڵەت. بەم پێیە بەرژەوەندی نەتەوەیی لە پاراستن و مانەوە و بوونی دەوڵەتی نەتەوە(Nation-State) دەستپێدەكات تاوەكو دەگاتە دەستەبەركردنی پێگە و دەسەڵات لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. نێوان ئەو دوو ئاستەشدا پاراستنی ناسنامە، بەها نەتەوەییەكان و خۆشگوزەرانی كۆمەڵایەتی و ئابووریی هاوڵاتیان و بەرزكردنەوەی توانای لەشكری و پاراستنی ئاسایشی مادی و مۆراڵیی دەبینرێت(هونتنریگر، ١٩٨٩: ١٩٣).

هەرلەم بوارەدا، "كێنت والتز"(Kenneth N. Waltz) پێیوایە كە بەرژەوەندی نەتەوەیی بریتییە لە: "لانی كەم دەوڵەتان بۆ مانەوەیان هەوڵبدەن. لانی زۆریشی ئەوەیە كە دەخوازن بەسەرهەمووواندا زاڵ بن. هەر دەوڵەتێك كە مانەوەی دەستەبەركرا دەتوانێت بیر لە ئامانجی دیكە بكاتەوە. بۆیە پێش هەر شتێك بۆ ئەوەی كە ئاسایشی خۆی بگەیەنێتە بەرزترین ئاست، ڕەفتاردەكات". (دویچ، كارل و دیگران، ١٩٩٦:٣٠٧).

## ٢- هەڕەشەكانی ئاسایشی نەتەوەیی

کاتێك کە سنوورو هەرێم و خاکی دەوڵەتێك دەکەوێتە ژێر مەترسی و هەڕەشەوە، ڕەهەندی لەشکری و نەریتی ئاسایشی نەتەوەیی گرنگی پەیدا دەکات. بەڵام کاتێك کە هەڕەشەکان پەیوەندیان بە ڕووخاندن وگۆڕینی سیستەمی سیاسی لەلایەن ئەوگروپ و ناسنامانەوە بەرز دەبێتەوە کە سەروەریی دەسەڵاتی حکومەت یاخود یەکپارچەیی دەوڵەت بە فەرمی وڕەوا ناناسن، ئەوە ڕەهەندە بەرفراوانەکەی ئاسایشی نەتەوەیی بەکار دێت. بە واتایەکی دیکە، هەڕەشەکانی ئاسایشی نەتەوەیی هەموو ئەو بوار و پرس و بابەتانە دەگرێتەوە، کە ژیان، بەها و بەردەوامی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئاشتی و سەقامگیری و..هتد، دەخەنە مەترسییەوە(نویدنیا، ٢٠٠٣: ٥٩). لێرەوە ئاسایشی نەتەوەیی بە دۆخێك دەوترێت کە تیایدا پارێزراوبوونێکی ڕێژەیی دەوڵەتێك لە هێرشی چەکدارانە ولەشکری یاخود تێکدەرانەی سیاسی، ئابووری و..هتد، دەستەبەرکرابێت. هەروەها ئاسایشی نەتەوەیی دەربڕی هەموو ئامانجەکانی بەرگری لە دەوڵەتە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەرجۆرە هەڕەشە و مەترسییەك(اقابخشی و افشاری راد، ٢٠٠٠: ٢٨٠).

ئەگەر هەڕەشەکان بەرفراوان و خێرا بن، زۆربەی کات بەرژەوەندی نەتەوەیی بەپێی ئاسایشی دەوڵەت پێناسە دەکرێت. لەم بارودۆخەدا وێنای "خودی و نا-خودی"(self & nonself) دروست دەبێت. بەم مانایە کە ئاسایشی نەتەوەیی بەپێی دڵنیایی لە دەستەبەرکردن وپاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی پێناسە دەکریت(پورسعید، ٢٠٠٢: ٦٩٦). بەم پێیە هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی ڕێژەییە و بەپێی گۆڕانکاری لە بەرژەوەندی نەتەوەیی دەگۆڕدرێت، ئەم گۆڕانەش بەپێی گۆڕان لە ئاستەکانی ناوخۆیی و دەرەکی دەگۆڕدرێت. بۆ نموونە گۆڕانی ڕژێمی سیاسی(وەکو شۆڕشی ١٩٧٩ لە ئێران)، لە بواری دەرەکیشدا گۆڕان لە بەها جیهانییەکان گۆڕانی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی، گۆڕانی ڕژێمە نێودەوڵەتییەکان، جەنگ و قەیرانە ژینگەییەکان و..هتد.(عسکری، ٢٠٠١:٩٧-٩٨).

## ٣- ستراتیژی و ئاسایشی نەتەوەیی

ستراتیژی وەکو زۆربەی چەمکە سیاسی و ئاسایشییەکان بەتێپەربوونی زەمەن تووشی گۆڕانکاری مۆرالّیی بووە، بەڵام ڕیشەی ئەم چەمکە لە زمانی یۆنانی کۆن لەبارەی بواری لەشکرییە و بیرمەندگەلێك وەکو "سۆن تیزۆ"(Sun Tzu) و "کارل ڤۆن کلاویتز"(Karl Von Clousewitz) بە داهێنەرانی هەژمار دەکرێن(افتخاری، ٢٠٠٦: ٣). لە ڕوانگەی نەریتی ئایدیای ستراتیژی بریتی بوو لە بەکارهێنان و تەرخانکردنی ئامرازە لەشکرییەکان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی لەشکری، بەم پێیەش ئاسایشی نەتەوەیی لەنێو ئامانجە سیاسییەکاندا ئەولەوییەتی هەبوو. لەم ڕوانگەیەوە پێگەی ئاسایشی نەتەوەیی دەبێت سەرووترلە سیاسەت و ستراتیژی بێت، بەڵام بەردەوام ئاسایشی نەتەوەیی دەهێندرێتە ئاستی ستراتیژیی لەشکری بە هۆی ئەولەوییەتی هەڕەشە دەرەکییەکان(هالستی، ١٩٩٤: ١١٥). کەسانێك وەکو "ستڤان والت"(Stephan Walt) و "ریچارد بیتس"(Richard Betts) لایەنگری ئەو ڕوانگەیەن کە جیاوازی لە نێوان ستراتیژی و ئاسایشدا نییە، چونکە ئەگەر جیاش بکرێنەوە ئەوە دیسانەوە سیاسەتی ئاسایشی پێویستی بە گرنگیپێدان بە جەنگ و ستراتیژییە. هێزی لەشکرییش تاوەکو ئێستاکە گرنگترین بەش و ڕەهەندی ئاسایشی نەتەوەییە. هەروەها بەرفراوانکردنی ئەم چەمکە لە بورای لەشکرییەوە بۆ بوارەکانی دیکە کاریگەری ئەرێنی لەسەرپەیوەندییە مرۆییەکان هەیە(بیلیس، ٢٠٠٣: ٣٣-٣٤).

"باری بۆزان"، بە جیاکردنەوەی خوێندنەوەی ئاسایشی لە خوێندنەوەی ستراتیژی توانی ڕوانگەیەکی نوێ بۆ ستراتیژی بکاتەوە. ئەمەش بریتی بوو لە پەیوەندی نێوان ئامانجە سیاسییەکان لەگەڵ ئامرازە سیاسییەکان، لە ژێر کاریگەری ئەم ڕوانگەیەدا "لیدل هارت"(Liddell Hart) پێیوایە کە ستراتیژی بریتییە لە هونەری دابەشکردن و بەکارهێنانی هێزی لەشکری بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی سیاسی(Hart, 1987: 335). جیاوازی ستراتیژی و ئاسایشی نەتەوەیی ئەوەیە کە ئاسایش بە دوای وڵامی ئەوپرسەیە کە ئاسایشی چ کەسێك یاخود چ شتێك ولەهەمبەرچ کەس و چ شتێك دەبێت بپارێزرێت؟ لەم کاتەدا ستراتیژی پرسیارەکەی ئەوەیە کە بە چ شێوەیەك پێویستە ئاسایشی ئەوکەسە یاخود ئەو شتە دەستەبەر بکرێت(خلیلی، ٢٠٠٥: ٤٦٧). بۆیە دەتوانین بڵێین کە جیاوازی ئاسایشی نەتەوەیی لە

چەمکی ستراتیژی ئەوەیە کە ستراتیژی بەرنامەیەکی بەرفراوانە کە بە مەبەستی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی هێزبۆ ئامانجە باڵاکانی ئەکتەرەکان لە خولێکی زەمەنی دیاریکراودا دادەندرێت(افتخاری، ٢٠٠٦:٤).

## ٤- هێزو ئاسایشی نەتەوەیی

پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕێگەی لەشکرییەوە دەرئەنجامی تێگەیشتنی ڕیالیستییە. بەم واتایە کە ئەو وڵاتانەی کە لێکدانەوەی ڕیالیستی لە ئاسایشی نەتەوەیی دەکەن، تیۆری خۆیان لەسەرگریمانەی لەئارادابوونی پشێوی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەبوونی دەسەڵاتێکی سەروو نەتەوەیی داناوە. هەروەها پەیوەندی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی بە چەمکەکانی جەنگ و ئاشتی لە درێژەی هەمان تێگەیشتنی ڕیالیستییە وجیاوازە لەگەڵ ڕوانگەی ئایدیالیستەکان. بەم مانایە کە ڕیالیستەکان جەنگ وهەڕەشەی جەنگ، وەکویەکەمین مەرجی مانەوە وئاسایشی دەوڵەتان دەزانن، بەڵام ئایدیالیستەکان پێیان وایە کە ئاسایش لە ڕێگەی ئاشتی وهاوکاری دەستەبەردەبێت. بۆیە ئاسایشی نەتەوەیی بە دۆخێك دەوترێت کە هەرجۆرە هەڕەشەیەك لەهەمبەریەکپارچەیی خاك و سەربەخۆیی دەوڵەتان لە نزمترین ئاستدا بێت. لەبەرئەم هۆیەش وتا ڕادەیەکی زۆر، ئاسایشی نەتەوەیی لە نەبوونی هەڕشەی لەشکری پێناسە دەکرێت(بڕوانە: خلیلی، ٢٠٠٧:٢٩٣).

دەکرێت بڵێین پەیوەندی نێوان هێزی سیاسی و ئاسایشی نەتەوەیی لەو بابەتە گرنگانەیە کە پەیوەستە بە سەرچاوەی ئاسایش(Referent Object for Security)، لەم ڕوانگەیەوە دامەزراوەی فەرمی بەکارهێنانی هێزی ڕەوا(دەوڵەت) وەکوسەرچاوەی ئاسایش دەناسرێت، کە ڕیالیستەکان بەهۆی پێگەی هێزی سیاسی دەوڵەت لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ئاسایش، جەخت لەسەرگرنگی پاراستنی حکومەت وسیستەمی سیاسی لە هەرجۆرە هەڕەشە ومەترسییەك دەکەنەوە(افتخاری، ٢٠٠٥:٤٧٠).

پاش کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٥، هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بوو بە تەوەری سەرەکی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. لێرە بەدواوە لەژێر کاریگەری ئەم پەیوەندییەدا لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکان لەلایەك لەگەڵ سیاسەتی هێزلەسەربنەمای ڕیالیستی، لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ سیاسەتی یەکانگیری و هاوکاری لەسەر بنەمای ڕوانگەی ئینتەرناسیۆنالیستی و ئایدیالیستی تێکەڵاو بوو.(خلیلی، ٢٠٠٥: ٤٨٠). جا بۆیە دەتوانین بڵێین کەوا ئاسایشی نەتەوەیی لەگەڵ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە سیاسییەکان و ستراتیژییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان گرێدرا.